# دەعبایەکی دڕندە

ئیبراهیم مەلازادە
Malazada86@hotmail.com

کە ئەم هاوینە بە ناو بازاری هەولێردا سوڕامەوە، ژمارەیەکی زۆری ئینتەرنێت کافێم بەرچاو کەوتن. ئەو دیاردەیە زۆر دڵی خۆش کردم. ئەوە هەر سەنتەرێک نەبوو، دوو سێ و دەو بیست نەبوو. زۆر بوون زۆر. لە دڵی خۆمدا گووتم ئەمە بێگومان دیاردەیەکی شارستانیە، ئاماژە بۆ تامەزرۆیی ئەو خەڵکە دەکات بۆ بەکارهێنانی ئامرازە نوێیەکانی سەردەم و تازەترین بەرهەمەکانی تەکنۆلۆژیا.

دوای چەند ڕۆژێک بۆ دابەزاندنی چەند فۆرمێک لە ئینتەرنێت سەرم بە ئینتەرنێت کافێیەکدا کرد. خاوەنەکەی ناوی نوسیم و چووم لە بەرامبەر کۆمپیوتەرێک ڕوونیشتم. شاشەی کۆمپیوتەرەکە دوو سێ جۆر (MSN)ی لەسەر بوون، بە لامەوە ئاسایی بوو ئەگەر سوود لەو بەرنامانە وەربگیرێ بۆ پەیوەندی کردن بە کەس و کار یا بۆ کاروباری پەیوەندی و خوێندنی دوور و زانستە هەمەجۆرەکان، سوودی لێ ببینرێ. هەر خێرا ئەو بەرنامانەم لادا، گۆگلم کردەوە و دەستم کرد بە گەڕان بەدوای فۆرمێک کە زۆر پێویستم بوو، تا بە زەحمەت دۆزیمەوە. هەوڵمدا بیکەمەوە بێ هودە بوو، دوایی زانیم بەرنامەی ئەکرۆبات ڕیدەری دەوێ. ڕووم کردە خاوەنی سەنتەرەکە و گلەیی خۆم پێراگەیاند گووتی: کاکە گیان زۆر بەدەگمەن خەڵکی کاریان بەو بەرنامەیە دەبێ، کۆمپیوتەریش گران دەکات بۆیە دایnابەزێنین.

بەلامەوە ئاسایی بوو چونکە ئەوە یەکەم سەنتەر بوو تاقی بکەمەوە. چووم بۆ دوەم سەنتەر، کوڕەگەنجێکی لێبوو، کارتانێی لەسەر کۆمپیوتەرەکە دەکرد، سەرەتا وامزانی خەریکی خوێندنەوە یا پرۆگرام و شتی لەو بابەتانەیە. کە پرسیم، گووتی: ئەکرۆبات ڕیدەر چیە؟ گووتم دەعبایەکی لەسەرە هەر لە بەشەر دەچێ و پیاو لە ماسولکەکانی زەندەقی دەچێ. زەردەخەنەیەکی هاتە سەر ڕوو بە ساردیەوە گووتی: نا کاکە نا. دوای پرس کردن، تەماشایەکی سەر شاشەی کۆمپیۆتەرەکانم کرد و تەماشای پرۆگرامەکانیم کرد، سارد و سڕ بوون، ئەوەی ناوی (pdf)ە شکی نەدەبرد. بەرەو سێیەم و چوارەم سەنتەر، تا هەشتەمین سەنتەرم بڕی، هەر بێ هودە بوو. ئیتر گەرما و گەڕان زۆر بێ تاقەت و نائومێدی کردم لە دۆزینەوەی ئەو دەعبا دڕوندەیە لە ناو کۆمپیوتەرەکانی شاری هەولێر. ڕۆژی دواتر لە سەنتەرێکی دوور بازاڕ قاوەخانەیەکم دۆزیەوە، ئەو دەعبا سەیرەی تێدا بوو، لێ داخەکەم پرینتەریان نەبوو، هەوڵەکەم دیسان جارێکی تر هەرەسی هێنا. خۆ هەموو ئەوانی تریش پرینتەریان یا نەبوو یا شکا بوو.

من و هەموو لایەکیش حەقی هەیە بپرسێ گەلۆ دەبێ ئەو خەڵکە کۆمپیوتەر بۆ چی بەکار بێنن؟ خۆ ڕۆژنامە و کتێب تەنها بە ئەکرۆبات دەخوێنرێنەوە. زۆربەی هەرە زۆری دۆکومێنتەکان هەر بەو دەعبا ناشیرینە دڕوندەیە دەکرێنەوە. باشە ئەی ئەو سەنتەرانە بۆ هێندە قەڵەباڵغن؟؟ بۆ هێندە ڕەواجیان هەیە؟؟ تۆ بڵێی ئەم پرۆگرامە قەدەغەکرابێ لەلایەن دەسەڵاتەوە؟!

دواتر تێگەیشتم کە لاوانی کورد لەوە زۆر تێپەڕیون و خەریکی پەیوەندی دروستکردنن لەگەڵ کچە ئەمریکی و ڕووسی و ئەوروپی. زیرەیان دێ بۆ گەیشتن بە چاوە کەسک و زەرد و ناسکەکانی هەندەران. چ کاریان بەو دەعبا دڕوندەیە هەیە! ئەگەر هەر یەکێک بیبینێ شەو دێتەوە خەوی و زەندەقی دەچێ.
ئافەریم (MSN) بۆ خۆت و گەرم و گوڕیەکەت، چۆن گرەوت لە ئەکرۆبات بردۆتەوە.

4 ی سێپتێمبەری 2005